بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠١١

بە پێی ئەو دەسەلاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە ٢٠١١/١٠/٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١١

یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەکانی سەربازی عێراقی

ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی یەکەم :

جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگا سزاییەکانی سەربازی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) .

ماددەی دووەم :

دامەزراو و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلەو پایەکانیان دەگرنەوە لە هەرشوێنێکی یاساکەدا هاتبێ .

ماددەی سێیەم :

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

ماددەی چوارەم :

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ .

ماددەی پێنجەم :

ئەم یاسایە پاش تێپەڕبوونی (سی) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

هەولێر :

١٩/تشرینی یەکەم/٢٠١١ی زایینی .

٢٧/ڕەزبەر/٢٧١١ی کوردی .

٢١/ذوالقعدە/١٤٣٢ی کۆچی .

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق